# گەوهەری کێشەکە

د.هەژار مەعروف

سەرۆ قادر لە دیداری هەفتەنامەی میدیا ی 2007/3/5 بەرگریەکی دور و درێژی لە خۆی کردوە بەرانبەر بەو هێرشانەی کراوەتە سەری بە هۆی ئەوەی کە لە بەردەم کۆڕێکی بچوکدا لە هەولێر لەسەر دیاردەی گەندەڵی وتویەتی ئەگەر عەزیز نەسینی نوسەری تورک سەردانی هەرێمی کوردوستانی بکردایە و ئەم وەزعەی ببینیایە دەیوت بەشێک لە خەڵکی باشوری کوردوستان سیفەتی سەگی وەرگرتوە چونکە دەبێت نانیان بدەیتێ تا پێت نەوەڕن . سەرۆ ئەو بەشەی لە دێهاتیەکانی کوردوستان کە ناگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان ی بە بێشەهامەت پێناسەکردوە.

پێشەکی ئەگەر ئێمە بەڕاستی دیموکرات بین, دەبێت مافی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین بە سەرۆ قادریش بدەین و بۆیە من واژوکۆکردنەوەی چەند هەزار کەسی بۆ دادگاییکردنی و هاندانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان و جنێو وگەف و هەڕەشە و وتاری مەلاکان لە دژی سەرۆ , بە کارێکی نادیموکراتی و هەڵچونی هەست و سۆزەکان و ئەنارشیی دەزانم کە هیچ سودێکی نیە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی , چونکە سەرۆ خۆی هیچ پۆستێکی لە حکومەتی هەرێمدا نیە و ئەو وەک واشەر و بورغوی ناو دەسگایەکە کە لە هەزاران واشەر و بورغو پێکهاتوە و بە لابردنی سەرۆ ـــ کە نایشزانین کێ دێنە جێی و سەت ڕەحمەت لە کفن دزیش هەیە لە کوردەواریدا! ؟! ـــ کەسێکی وا لە دەسگاکەو لە خاوەنەکانی و لەو یاسا و ڕێسایەی ئیشی پێدەکرێت ناگۆڕێت. لەوەش خراپتر و بگرە ترسناکتر کە ئەم جۆرە چالاکیە نادیموکراتیانە کەش و هەوای سیاسی کوردوستان گرژدەکات و دەمارگیریی سیاسی و ئاینی ـــ کە ماوەیەکە سڕ و ڕچیاوە ـ دەژێنێتەوە و گەرمدەکاتەوە . جگە لەمانەش هەموی گەورەکردنی کێشەکە دەبێتە هۆی بیرچونەوەی کێشە گەورەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و مەشغوڵکردنی میدیاکان لە سەر حیسابی کاری جیدی ڕۆژنامەگەری.

دە ئینجا با بە کورتی بێمە سەر ناوەڕۆکی دیدارەکە. سەرۆ دڵگرانە لەوەی کە قسەکانی براونەتە دەرەوەی کۆڕە بچوکەکەی و ئەگەر بۆ خەڵک قسەی بکردایە بە دیقەقتر قسەی دەکرد. ئەمە دوڕویی و دوفاقیی سیاسیەکانە کە سەرزارەکی پەیمانی شیرین بە خەڵک دەدەن و قسەی موجامەلە و خۆشیان بۆدەکەن و لە دڵیشەوە بە جۆرێکی تر بیردەکەنەوە. گرنگ ئەوەیە سەرۆ چۆن بیردەکاتەوە و چیدەکات, نەک ئەوەی لە بەردەم دو جۆر گوێگر چی دەڵێت.دیارە سەرۆ بە زمانی عەزیز نەسین ڕەئی خودی سەرۆ خۆی دەردەبڕێ , ئەوەشی گوایە مەبەستی لە سەگ سیفەتەکان تەنیا گەندەڵەکانە, هەر هەڵەیە و ڕاست ناکات, چونکە گەندەڵ خۆی پارەی هەیەو دەسەڵاتدارە و پێویست ناکات بەکەس

( حیزب و حکومەت) بوەڕێت , خۆ ئەگەر مەبەستی لە گەندەڵە بچوک و پاسیڤەکان بێت ئەوانەی کە بۆنمونە لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگی خۆیان دەفرۆشن , یان ئەوانەی بەرتیل دەدەن بە کارمەندەکانی حیزب و حکومەت بۆ بژیوی کۆشێ منالیان و بۆ وەرگرتنی پارچەزەویەک و بۆ دامەزرانی لە دائیرەیەکدا وبۆ وەرگرتنی قۆنتەراتی خان وبەرەو ڕێگەوبان.... , لەمەشیان سەرۆ هەر هەڵەیە و زوڵم لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان دەکات, چونکە زۆرجار کە تان و پۆی, کە سەرتاپای سیستمی حوکم گەندەڵ بو ,لەسەر بناغەیماڵباتی (بنەماڵەیی) و خێڵەکایەتی و حیزبایەتی تەنگ و خنکێنەر داڕێژرابو , کە گەورە ئاوی گەندەڵی و ناعەدالەتیی ڕشت , ئیتر تۆ چاوەڕێی چی دەکەیت لە بچوک؟ ڕەوشتی بەرز؟ نیشتمانپەروەری؟ ویژدانی قوڵ و هەست بە لێپرسینەوە و هەست بە گونا هـ؟ لەم پەیوەندەدا Bertolt Brecht ی شاعیر و شانۆنوسی ئەڵمانی بە ناو ودەنگ دەڵێت

( Erst Fressen dann Moral ) بە واتای لە پێشا سک تێربون ئینجا ڕەوشت و فەزیلەت , بێگومان مەبەستی لە هەموو پێویستیە مادیەکانی ژیانی ڕۆژانەس مرۆڤە!! لەساڵی 1998 دا لەسەر سنور پۆ لیسی تورک 4 سەعات بە ناهەق ڕایانگرتین و (کەنی ) کچم کە 6 ساڵ بو گەلێک لەو بەرگەرمایە ڕشایەوە,

پۆلیسێک بە ئیشارەت تێیگەیاندم کە کابرای کاربەدەست پارەی دەوێت , دەبوایە یا شەومان لێبهاتایە و بگەڕاینایەتەوە( سلوپی) یا بەرتیل بدەین, بە داخەوە هەر 100 مارکی مان پێبو,ناچاربوم بیدەمێ , من گەندەڵ بوم یا پۆلیس یا سیستمی ئیداری تورکیا؟کەواتە هەمیشە توێژی فەرمانڕەوا لێپرسراوی یەکەمە لە ناعەدالەتی و فەسادو بەرەلایی ,بۆیە هەوڵەکەی سەرۆ بۆ سوککردنی شان و ئەستۆی دەسەلاتی سیاسی لە قورسیی باری گەندەڵی و دابەشکردنی ئەم پەتا کوشندەیە بەسەر هەمو کۆمەڵدا بەتاڵ دەبێتەوە. سەرۆ لەخۆی ناڕازیە کە بۆ ئەو گوندیانەی ناگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان لەبری وشەی تەحەدا وشەی بێشەهامەتیی بەکارهێناوە. لێرەشدا هەر هەڵەیەکی گەورە دەکات , چونکە هۆی ئاوەداننەبونەوەی لادێی کوردوستان ڕۆحی تەحەدا تیانەبون و ترسنۆکیی جوتیاری کورد نیە , هەر بەتەنیا نەبونیی خزمەتگوزاری و نەبونیی ژێرخانی ژیانی لادێ نیەــ کە سەرۆ دان بەمەیاندا دەهێنێ ــ , بەڵکو لە هەموی گرنگترئەوەیە کە بەهۆی نەبونی و گرانیی دیزڵ بۆ تراکتۆر و دەراسەو , گرانیی هێزی کار و نەبونیی بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ئیشەکەیاندا سودێکی گەلەک کەم بکەن یا هەر زیان بکەن , ئەی کێشەی لوغم کە ئێستاش هەزاران دۆنم لەوەڕگا و کێڵگەی کوردوستانی داپۆشیوە؟.سەرۆ ڕەخنە لە ڕەوەندی کوردی دەرەوەی وڵات دەگرێت کە نەیتوانیوە دەور ببینێت . ڕژێمی بەعس بۆ دنەدانی پسپۆڕ و خاوەن پیشەکانی دەرچوی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ گەڕانەوەیان بۆ عێراق کۆمەڵێ ئیمتیازاتی پێدان, هاوڕێیەکم کە دوکتۆرای هەیەو جێگری پرۆفیسۆرە و لێلییەک نیە لە ڕابوردویدا, واسیتەکەی لە ناو ئەنجومەنی وەزیراندا بو, موعامەلەی لە ئەوروپاوە گەڕانەوەی بۆ یەکێ لە زانکۆکانی کوردوستان 5 مانگی خایاند!! ئیتر خاوەن پسپۆر و کەفائەی کوردی لە ئەوروپا و ئەمریکاوە چۆن بوێرن بگەڕێنەوە کوردوستان ؟ کەم نین ئەوانەی پەشیمانن لە گەڕانەوەیان بۆ کوردوستان!! سەرۆ دەڵێت (گوێم لە دەنگێک نەبو لەم وڵاتە بەبیرکردنەوەی عیلمی و عەمەلی...بلێت ئەمە پێشنیازی منە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی, دیراسەت بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی نیە) , لەمەشیان ڕاست ناکات چونکە ئێستا جڤاتی کوردی جڤاتێکی زیندوە و ئەگەر سەیری ماڵپەڕە کوردیەکان بکات بابەت و بوار نیە قسەی لەسەر نەکرێت, هەر بۆنمونە من ئاگاداری ئەوەم بۆ باشترکردنی پرۆژەی دەستوری کوردوستان سەدان لاپەڕە پێشنیازی باش و دروستکەر نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردوستان. ئەندازیار و ئیداری و وەستا و کرێکاری کورد توانیان لە پاشماوەکانی کارگەی شەکری سلەیمانی پالاوگەیەکی نوێی لێدروستبکەن کە ئێساش لەکاردایە. ئەوە حیزبە دەسەلاتدارە دواکوتوەکانن کە گوێناگرن بۆ خاوەن بەهرە و پیشەو زانا و پسپۆرەکان و دیوارێکی ئەستور و بەرزی عازلیان لە دەستەو تاقمی خۆیان بە دەوری خۆیاندا کێشاوە, کوڕم ئەوێ بتوانێ بیبڕێ, ئەوانن کە دەستیان ناوەتە بینی هەموو دەنگێکی ئازاد و سەربەخۆ و بەهرەمەندی ناحیزبی کە ڕێزلەخۆی دەگرێت و نایەوێت ببێتە پیاوی هیچ دەسەلاتدارێک! سەرۆ هەڵەیەکی کوشندەی تر دەکات کاتێک بەراورد دەکات لە نێوان وەزعی دوای شەڕ بە هەمو نەخۆشیە کۆمەلایەتی و دەرونیەکانی کە دوای خۆی جێی دێلێت لە ئەڵمانیا و لە کوردوستان .نازانم سەرۆ ئەم زانیاریانە لە کوێوە دێنێت؟ ئەو دەڵێت :(ئەڵمانیا تا سێ نەوە نەخۆشیەکانی دوای جەنگی بۆ نەقلبو,ئێوە فلیمە ئەڵمانیەکان ببینن دایک منالی خۆی دەکوژێ شێتی یەکجار زۆرە, من نالێم دەبێ ئێمەش هێندەی ئەڵمانیا ڕابوەستین ئینجا نەخۆشیەکانمان چارەسەربکەین). ئەڵمانیا بە ژن و پیاویەوە! لە نزیکەی 20 ساڵی یەکەمی دوای کۆتایی شەڕی جیهانی دوهەم کە هەمووشارەگەورەکان و ناوەندە پیشەسازیەکانی وێرانکرابو, توانی ژێرخانێکی تۆکمەو مکومی پیشەسازیی نوێ دروستبکات و کێشەی خانو و ئا و و کارەبا و سوتەمەنی و دەواو دەرمان و چارەسەری پزیشکی بۆ هەموو خەڵک دابینبکات. من خۆم کە وا بۆ 15 ساڵە وەک دوکتۆری دەرونی لە نەخۆشخانەی دەرونی لە ئەڵمانیا کاردەکەم, دەزانم کە لە ئەڵمانیا بە هیچ جۆرێ شێتی ( کە ئەمە وشەیەکی هەڵەیەونابێت بەکاربهێنرێ) زۆرتر نیە وەک لە کوردوستان , بەهەمان شێوە منالْ کوشتنیش بە هیچ جۆرێ هەر زۆرتر نیە , بیریشمان

نەچێت کە لە ئەڵمانیا پتر لە 80 ملیۆن ئینسان دەژی, لە کوردوستان 5 ملیۆن!!, بەڵام ئەو کەمەمناڵانەی کە دەکوژرێن , قیامەتی لەسەر هەڵدەسێ و وەک لای کۆمەڵی داخرا و ی ئێمە نیە کە دیاردە کۆمەڵایەتیە بەد و ناشیرین و قێزەونەکان دەشارێتەوە, بۆ نمونە ڕۆژ نیە لە کوردوسانا دەیان کەس بە ڕوداوی سەیارە نەمرێ و بریندار نەبێت یا تراژیدیای خۆسوتانی کچان و ژنانی کوردوستان کە هەمو سنورێکی بەزاندوە, حکومەتی هەرێم کام بەرنامەی عەمەلیی کارای داناوە و پیادەکردوە دژی ئەم دیاردانە؟ کێ هەر بە جیددی باسیان دەکات؟

سەرۆ دەڵێت(لە هەموی خەتەرناکتر تا ساڵی 2003 بە یاسا بەرتیلدان بە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا حەڵاڵ بوە) , ئەمەشیان هەر هەڵەیە , چونکە سەرۆ ناوە و دەرەوەی ئەڵمانیا تێکەڵدەکات , ڕاستیەکەی ئەوەیە کە یاسای ئەڵمانیی جارانی دژی بەرتیل بەسەر ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیانەدا پیادە نەدەکرا کە لە دەرەوەی ئەڵمانیا پرۆژە و کارە کانیان دەکرد, بەڵام هەمیشە بە توندی بەسەر هەمو کۆمپانیاکانی ناوەوەی ئەڵمانیا ــ چ ئەڵمانی چ بێیانی ــ پیادەکراوە. جگە لەوەش بەدوای هەڵەو تاوانێکدا نەچوون و لێنەپرسینەوەی , کە مرۆڤی ئەڵمانی لە دەرەوەی ئەڵمانیا کردویەتی مانای وانیە کە تۆ ئەو تاوانەت حەڵاڵ کردوە وەک سەرۆ دەڵێت !بەڕاستی وەکو گاڵتەجاری و تراجیدی ــ کۆمیدیای لێدێت کاتێ سەرۆ ئامۆژگاری دەکات کە کورد بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی کە بەهۆی ئەو هەموە شەڕوشۆڕەی ڕابوردو پەیدابوە, نابێت چاو لە ئەڵمانەکان بکات و زۆر ڕابوەستێ و و خا و و سست بێت !! ئینجا ئەگەر کورد بەتیلەی یەک چاوی و لە هەر ساڵێکدا 3 مانگ چاوی لە ئەڵمانیا و ئەڵمانیەکان بکردایە ئێستا حاڵی بەم حاڵە دەبو؟ یەکێکی وەک سەرۆ لێپرساوی ڕاگەیاندنی ناوەندی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێ لە دو حیزبە سەرەکیە فەرمانڕەواکەی کوردوستان دەبوو؟ ئەفسوس و سەدجار مەخابن!! لە 1972 تا 1974 کە من خوێندکاری کۆلیژی پزیشکیی بوم لە بەغدا, دڕندەیی ڕژێمی بەعس و ئەو دەورە پیرۆزەی ڕۆژنامەی (التاخی) و کەسایەتیەکانی وەک خوالێخۆشبوان دارا تۆفیق و سیدا شهید ساڵح یوسفی و ... لەو سەردەمە لە بەغدا دەیانبینی , وای لە من کرد چەند هەفتەیەک پێش دەسپێکردنەوەی شەڕ لە ناو جەرگەی دوژمنا بە ڕەسمی بچمە ناو پارتی, ئەرێ پارتی بۆ وای بەسەرهات؟

لە وەڵامی پرسیاری چارەی کێشەکە چۆن دەکرێت سەرۆ دەڵێت (..... ئەوەی لە سلەیمانی دەکرێت هاندانێکی سیاسیە لە دژی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردوستان.. ئەوە پارتیە کە چارەسەری ئەو هێرشە دەکات) . جارێ ئەو ناڕەزایی دەربڕینەی بەرانبەر سەرۆ هەر لە سلەیمانی نیە و بگرە لە هەولێرەوە (لە نەبەز گۆرانەوە کە لە کۆڕەکە کرابوە دەرێ) دەستی پێکرد . لێرەدا سەرۆ کارێکی نامەسئول و ترسناک دەکات کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردوستان لە ڕێی لایەنگرانی نەوشیروان مستەفا کە هەندێکیان هێشتا لەناو ناویەکێتیدا ماون, تاوانباردەکات بە هاندانی سیاسی دژی ڕاگەیاندنی پارتی و ئینجا دێت هانا بۆ حیزبەکەی (پارتی) دێنێت کێشەکە ــ کە ئیدی کێشەی پارتی و یەکێتیە و هی ئەو نیە ــ چارەسەربکات, وەک سەرۆ نەزانێت کە پارتی و یەکێتی و کورد بە هۆیانەوە چەند کێشەی مەزن و زۆر و زەوەنیان هەیە, ئەمیشی بێتە سەر ! ئەگەر سەرۆ بە هێندەی ئەتۆمێک لە سامانی کولتور و ڕەوشتی سیاسیی ئەوروپی و ئەڵمانی سودی وەربگرتایە لەمێژبوو لە پێناوی مەسڵەحەت و ڕێز و هەست و شعوری کورد و ئاشتیی نێوان یەکێتی و پارتی خۆی دەستی لەکار کێشابۆوە و پارتیی نە ئەدا بەگژ یەکێتیدا و لە ڕێی ئەوەوەی کە دەڵێت لە پێشمەرگایەتیدا من بەرنامەی خۆکوژیم هەبوە هەڕشەی نە دەکرد و بەمەش کەش و هەوا سیاسیەکەی گرژتر نەدەکرد, چونکە لە خۆ گیڤگردنەوە و ئامادەیی بۆ خۆکوژی و بۆ شەڕ گەلی کورد هیچ نادروێتەوە جگە لە شەڕی براکوژیی تاوان و قێزەون. سەرۆ بە خۆوازهێنانی ئیتر پێویست ناکات لە ڕێی پارێزەرەکانیەوە سکاڵای یاسایی دژی 4 ڕۆژنامە و یەک ماڵپەڕ و 6 مەلای ئاینی هەولێر و سلەیمانی بکات , کە ئەمەشیان پارەی زۆری تێدەچێت و پارەکەش هەر دەبێت لە گەنجینەی گشتی

لە زاری هەژار و نەداری ئەم گەلە گیرخواردوە بگیرێتەوە. دەیان سیاسیی ئەڵمانیم دیوە بەهۆی شتی گەلەک گەلەک لەوەی سەرۆ کەمتر و سوکتر دەستی لە پلەو پایەی گەلەک گەلەک لەوەی سەرۆ مەزنتر و بەرزتر هەڵگرتوە.

سەرۆ لە کۆتایی دیدارەکەدا بە هێندەی5 ملوێنەکەی ژمارەی دانیشتوانی کوردوستان 5 ملوێن جار داوای لێبوردن لە خەڵک دەکات کە( نەیانهشت لە قسەکانی ئەو حاڵی بن), لێرەشدا ڕاستناکات و خۆی داوای لێبوردنەکە بەتاڵ دەکاتەوە ,چونکە دەیەوێ بڵێت ئەوە دوژمن و ناحەزەکانی ئەون کە نەیانهێشت خەڵک لە قسەکانی ئەو حاڵیبن , دەنا ئەو هیچی هەڵەو ناڕاستی نەوتوە و هەقیەتی ناحەزەکانی داوای لێبوردن لە خۆی و لە خەڵکی کوردوستان بکەن بۆ ئەو ساختە و تەزویرەی لە قسەکانی ئەویان کرد!!

2007/03/10 ـــ